# زیندە خەون لە کورتە ڕۆمانی خەونی جاڵجاڵۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا

**ئازاد محەمەد سەعید**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە تیایدا خەون وەک ڕەگەزێکی گرنگی چالاکی کۆمەڵایەتیی و دەروونی مرۆڤ بەرجەستەکراوە، ژن و مێردێک لەزیندە خەونێکدا دەبن بە جاڵجاڵۆکەی نێر و مێ، کە لەڕووی لەزەت وسێکسەوە کاتی چێژی جووت بوونی جاڵجاڵۆکە ماوەی زیاترە لەمرۆڤ بە شێوەیەکی ناوازە، توێژینەوەکە بە ناونیشانی (زیندەخەون لە کورتە ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)ی شێرزاد حەسەن) ە، تیایدا کۆنەپارێزی خانەوادەیەکی باشوری کوردستان لەگەڕەکێکی عەوامی شاری هەولێر لەسەدەی ڕابردوودا کاریگەری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئایین زاڵە بەسەر هەڵسوکەوت و کلتوری ئەم خانەوادەو سەدان خانەوادەی دیکەی ئەم شارە، ڕێچکەی ژیانیان تاڵ دەکات، کارەکتەری سەرەکی کورتە ڕۆمانەکە، دەیان کتێبی قەدەغەکراوی ئایینی ودژە ئایینی دەخوێنێتەوە، لە ئاکامدا تووشی دەیان نەخۆشی دەروونی وبینینی خەونی بێ سەروبەر دەبێت، لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، چەندین گیروگرفتی توش دەبێت، پەل دەهاوێت بۆ ئەوەی خۆی لەم ژینگە ئاڵۆزە ڕزگار بکات، بەڵام لەلایەک داپیرەی و لەلایەکی دیکە کۆلکە مەلا ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن. نووسەر زانستی ڕووتی توێکاری کۆئەندامی زاوزێی ژنانی، زانستیانە خستووەتە ڕوو، جۆرێکە لە ڕۆمانی زانستی، هەروەها جۆرەکانی خەون، زیندەخەون تەوەرەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەنموونەی کورتە ڕۆمانەکە خراوەتە ڕوو، هەروەها زانستی دەروونزانی تیایدا کەسایەتی سادیزمی داناوە بۆ خێزانەکەی کەناوی پاکیزە، لە بەرامبەردا مێیەی جاڵجاڵۆکەیە، ماسۆشیزمی بۆ کەسایەتی خۆی داناوە، وەکو قوربانی لە نێرەی جاڵجاڵۆکە بەرجەستە کردووە.

**وشە سەرەکییەکان:** خەون، زیندەخەون، نێرەومێیەی جاڵجاڵۆکە، زانست، کۆنەپارێزی.

## ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### ١.١ ناونیشان و پرسیاری توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (زیندەخەون لە کورتە ڕۆمانی "خەونی جاڵجاڵۆکەکان" ی شێرزاد حەسەندا).

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئەو ڕووداو و کارانەی لەڕۆژدا بە شێوەیەکی واقیعی توشی دێت، لە کاتێکدا لە شەودا یان لە ڕۆژدا دەخەوێت ئەوەی بەسەری هاتووە لەشێوەی خەوندا دەیبینێت، لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە خەون پڕۆسەیێکی ئاڵۆزی یەک بەدوای یەک نەهاتووی پچڕ پچڕە، مرۆڤ تیایدا ئازاد نییە وابەستەی خەونە بینراوەکەیە، کە لەچەند چرکەیەکی کەم تێپەڕ ناکات، هەندێکجار مرۆڤ لەدوای کارەساتێک یان ڕووداوێکی ناخۆش خەون دەبینێت، بە گشتی خەون چەند جۆرێکە خەونی خۆش و ناخۆش، زیندەخەون، هورم یان خەونی ناوخەون، خەونی ترسناک، وڕێنە، شەیتانی بوون لەخەوندا بە تایبەتی لەقۆناغی گواستنەوە یان باڵغ بوون یان گۆڕانی جەستەی مرۆڤ لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە لە قۆناغی منداڵی بۆ قۆناغی مێردمنداڵی یان گەنج بوون. خەون لای بەشێک لەبوونەوەرەکان وەکو حاڵەتێک بەدەگمەن خەون دەبینرێت، کەچی لای هەندێک وەکو دیاردە لەماوەیەکی کورتدا خەون چەندجارێک دەبینێت. شێرزاد حەسەن دەستێکی باڵای هەیە لە نووسین دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی ودەروونی مرۆڤ بەگشتی و لەڕووی زانستەوە بەتایبەتی زانستی توێکاری جەستەی مرۆڤ وەک منداڵدان و قەناتی فالوتی مێینە، کە لەڕووی زانستییەوە بەوردی بۆی چووە، هەروەها لەدەرخستنی داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵی کوردەوارییدا، کە خۆی تیایدا بەشێک بووە، بێ سڵەمینەوە لەقسەی ئەم و ئەو ئەوەی پێویست بووە، درکاندوویەتی. پرسیارەکانی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١-خەون چییە؟ جۆرەکانی چییە؟

٢-ئایا زیندەخەون، خەونە؟ لە کورتە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ جۆرەکانی خەوندا بوونیان هەیە؟

### ١. ٢ گرنگی توێژینەوە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی وەرگرتن ٣ ئەیلوول ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ تەمووز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: azad.mohammed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ئازاد محەمەد سەعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp126-135

زانست و کۆنەپارێزیی بە شێوەیەکی پراکتیکی لەرێگای خەونەوە، بەتایبەتی لە زیندەخەونەوە لە کورتە رۆمانەکەدا خرواوەتەروو.

### ١. ٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

١-دیاری کردنی جۆرەکانی خەون و زیندەخەون بەتایبەتی لە کورتە رۆمانەکەدا.
٢-ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی پەتای دواکەوتنی کۆمەڵگای کوردەوارییە لە بەشێک لە ئامۆژگاریی وداب و نەریتە چەوت و ترسێنەرەکان، کە لەلایەن دایک و باوک و بەتەمەنەکانەوە لەتەمەنی منداڵی و هەرزەکارییەوە لە مێشکی نەوەکانیان بەهەڵە دەروێنن.

### ١. ٤ سنووری توێژینەوەکە:

کورتە رۆمانی"خەونی جاڵجاڵۆکەکان" و ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

### ١. ٥ رێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا رێبازی (دەروون شیکاری) و (وەسفی شیکاریی) پەیرەو کراوە.

### ١. ٦ پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکییەک و دووبەش و ئەنجام وکورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە دووتەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم پێناسە وچەمکی خەون و زیندەخەون وخەونی جاڵجاڵۆکەکانە، لە تەوەری دووەمدا خەون وجۆرەکانی لەرووی تیۆرییەوەیە باسکراوە. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم زیندەخەون لە کورتە رۆمانی "خەونی جاڵجاڵۆکەکان" باسکراوە. لە تەوەری دووەمیشدا جۆرەکانی دیکەی خەون لەکورتە رۆمانەکەدا.

## ٢. خستنەرووی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ٢. ١ پێناسە و چەمکی خەونی جاڵجاڵۆکەکان و زیندەخەون لەرووی دەروونزانییەوە.

خەون چالاکییەکی دەروونیی خۆنەکردە، لە چرکەساتی بینینی خەوندا دابڕانێک ڕوودەدات لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا " پێدەچێت شارستانیەتە کۆنەکان زۆر جیاوازیان نەبووبێت لەوانەی پێش خۆیان، لە بەپیرۆز زانینی خەوندا، جاری واهەیە وەکو سروش لێکیان دەدایەوە، دەڵێن بابلییەکان خوایەکی تایبەتیان بە خەونەوە هەبوو ناوی "ماخر" بووە هەروەها مسرییە کۆنەکانیش خوایەکیان هەبووە بە ناوی"بس" وێنەکەی نەخشێنراوبووە لەسەر بالیفەکانیاندا...لای گریکەکان کەسێک هەبووە بە ناوی"ئارتەمیدۆرس"تایبەت بووە بە زانستی لێکدانەوەی خەون"(وەردی، ٢٠٢١، ٣٩).

دەربارەی جاڵجاڵۆکە هەژار موکریانی لەتەفسیری ئایەتەکانی سورەتی ئەلعەنکەبوتدا بە (کاکڵە مووشە) ناوی بردووە "ئەوکەسانەی غەیرەز خودا دۆسگەلێکیان بۆخۆیان پەیدا کردووە- گەریزانن -وەکوو کاکڵە مووشانیان بەسەر هاتووە، کەخانووی بۆ خۆی تەنیوە، دیارە خانووی کاکڵەمووشان لەهەمووماڵان سست ترە"(موکریانی، ١٩٩٢، https://www.zaniary.com/).

جاڵجاڵۆکە لەقورئانی پیرۆزدا "مثل الذين أتخذوا من دون الله آولياء كمثل العنكبوت أتخذت بيتا وإن أوهن البيوت العنكبوت لوكانو يعلمون"(آية ٤١، سورة ٢٩، الجزء ٢٠-٢١).

لەتەفسیرکەرەکانی دیکەی قورئانی پیرۆزدا زیاتر روون کراوەتەوە.

خەون پەیوەندی بە رابردوو و ئێستا و داهاتووەوە هەیە، ئەوەی بەسەر مرۆڤدا هاتووە یان لەوانەیە بەسەری بێت. خەون دیاردەیەکە لە ژیانی مرۆڤدا، وەکو حەز هەموو کەس خوازیارە خەونی خۆش ببینێت، بەڵام ئازاد نییە لە بینینی یان نەبینینی، خەون هۆکارێکە بۆ بەردەوامی ژیان. لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەسەردەمی دیکارت گیروگرفتێک هاتە ئاراوە مرۆڤی سەرقاڵ کردبوو"فیکر وجەستە یان کارلێکی نێوان هێزە دەروونییەکان و هێزە مادییەکان بوو..فیکر کار لەجەستە دەکات و جەستەش کار لەفیکر دەکات ...یەکێک لەرێگای خەواندنێکی موگناتیسی یەوە، خەوێندرا پێیان گوت: پشکۆیەکی ئاگر لەسەر دەستت دانراوە،کاتێک وەئاگایان هێنایەوە پاشماوەی سوتاوی و تڵۆق بەسەر دەستییەوە بوو هەروەکوو ئەوەی ئاگرێکی ڕاستەقینەی بەرکەوتبێ. "(و. عەبدوڵا، ٢٠٠٢: ٢١٨) .

لای رۆمانسییەکان خەون رەگەزێکە لەرەگەزەکانی ئەو رێبازە ئەدەبییە. "لەماوەی ساڵی ١٨٣٠ ز بیەوە خەون لەو بازنەی کەتیایدا دەخولایەوە ئازاد بووە، خەون وەکو هێزێکی شاراوە بەرەوجیهانی خەیاڵ کرایەوە"(ت . حمود محمد، ٢٠١٢: ٤٥٧) .
جاستۆن باشلار دەڵێ : "خەون بە هیوا و خۆشی بۆ جیهانێکی نوێمان دەبات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت "( ت . حمود محمد، ٢٠١٢: ٤٥٧).

خەون چەند ساتێکی کورت و سەرنج راکێشە بە خۆشی و ناخۆشییەوە. خەون ئەو پرۆسە خۆنەکردەیە لەئەنجامی هەڵکشان و داکشانی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایتی مرۆڤ دێتە ئاراوە کەلە ماوەی پێش بینینی خەونەکەدا پێیدا تێپەریوە. "یەکێک لەنیازە سەرەکییەکانی مرۆڤ خەوە و بێگومان خەو یەکێکە لەو دیاردانەی لەگشت سات و کاتێکدا دووبارە دەبێتەوە "بەپێی یەکێک لەو لێکۆڵینەوانەی کراوە مرۆڤێ ئەگەر (٥٠) ساڵ تەمەنی بێت[بە] ئەندازەی (١٨٠٠ رۆژ و٤٥٠٠).

هەزار کاتژمێر لەخەودا بەسەردەبات و پێگەیەکی گرنگی تەمەنی داگیر دەکات. لەکاتی خەویشدا خەو دەبینێت لەبەر ئەوە زانستی لێکدانەوەی خەو بەدی هاتووە
"( ئیبن سیرین، ٢٠١٦، ٤٥) خەو وخەون لەسەرتاپای ژیانی مرۆڤدا پانتاییەکی زۆری هەیە.

"لە خەودا خەون دەبینرێ کەلەلای هۆیزدا جۆرێکە لەخەیاڵ لە ئاکامی ورووژاندنی ئەندامانی ناوەوەی مرۆڤدا ڕوودەدات لەکاتی نووستن یان جوڵەدا بەم شێوەیە مرۆڤ هەست بە ساردی دەکات، بەڵام بە هۆی بینینی خەونی ترسناك، بەهۆی گەرمایەکی زۆرەوە کابوس دەبینێت لە خەوندا"( عبدالحميد ، شاكر ،٢٠٠٩: ١٦٥).

هۆبز بینینی خەون لە خەودا بە جۆرێك لە خەیاڵ دادەنێت، هەندێك جاریش بەبینینی دیمەنێکی ناخۆش یان هەبوونی گرێیەك یان خواردنی خواردەمەنی زۆر نووستن لەسەریدا یان نووستن لەسەر گازەری پشتدا.. هتد ئەم جۆرە خەونە دەبیندرێت.
"فرۆید رەگەزەکانی خەون بە دوو جۆری بنەڕەتی جیا لێکدەداتەوە، نیشانەیی (وەکو دالێك کە پەیوەندییەکی لەخۆوە یان بژاردەیی لەگەڵ مەدلوولەکەیدا هەیە، بۆ نموونە وەك کێشمانێك، دوورخستنەوەیەکی درکەیی "میتۆنیمی" وسیمبۆلێکە وێکهاتنەوەکەی هونەری وەبیرهێنانەوە ولێکچوونە، وەك خواستن "میتافۆر" لێکدانەوەی نیشانەیی ئەوەندە پابەندی شیکارییەکە نییە وەك شیکاریکراو، ئەوەندەی هی خەون خۆیەتی لەنێوان ئەو بیرهاتنەوە ئازادانەوە کەبەدەوری رەگەزێکی مانیفێستی خەونەکەوەن. مانای

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp126-135

ڕەگەزێکیش پابەندی دانانە کۆنتێکستییەکەی نییە لە خەونەکەدا وەك هەمەیەکی (کل) تەواوبوو، بەڵکو سەرجەم لەلایەنی دەروونی خەونەکەدایە، ئەم هەڵوێستەش پەیوەندیی بە ڕەگەزەکانی ترەوە هەیە کە لەدەرێی هەر یەکێك لەو خەونانەن."( محەمەد، ٢٠١٥-٢٠١٦: ٦٦) لێکدانەوەی خەون بە پێی بۆچوونی فرۆیدەوە، بەدوو جۆر دەبێت، کاروکاردانەوە ئەوەندە گرنگی بە شیکاری نادرێت، وەکو مانفێستی خەونەکە یان بەشێك لەگشت لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەکو گشت بەیەکەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت ."هەروەها فرۆید بایەخێکی یەکجار زۆری بە خەون و خەیاڵ داوە کە دوولایەنی گرنگی مرۆن. مرۆ بەهۆی خەون وخەیاڵەوە هەرچی پێشتر لە ناخیدا چەپێنرابێت بەهۆی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەوە دەری دەبڕێ. لەم ڕێگەیەوە هەستەکانی خۆی بەرامبەر ژیان و دیاردەکان دەردەبڕێ. بەتاکە لەڕێگەی دادەنێن بۆ گەیشتن بەحەز وئارەزووە چەپێنراوەکان وپەنای بۆ دەبەن. بۆیەش سوریالییەکان پشتی تەواویان بەخەون وخەیاڵ بەستبوو، چونکو وایان دەبینی مرۆڤ لەم جیهانی خەون وخەیاڵە تەواو ئازادە وئازادییەکی ڕەهای هەیە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تێیدا هاتوچۆ بکا هەرچییەکی بوێت لەوێڕا دەستی دەکەوێت" (مەنتک، ٢٠١١: ٢٢)

سوریالیزمەکان گرنگیان بە خەون وخەیاڵ دەدا، لە ڕێگای تیۆر و شیکردنەوە دەروونییەکانی فرۆیدەوە کەخزمەتێکی زۆری پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد لەبواری خەوندا. چونکە مرۆڤ ئەگەر کۆیلە بێت لە خەیاڵدا ئازادە، خەیاڵ سنووری نییە هەموو سنووورە دەستکردەکان وئاسمانییەکان دەبەزێنێ، بەڵام خەون لەدەست مرۆڤدا نییە، هەرکاتێك بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتیی و جەستییەکە فەراهام بێت لەپڕۆسەییێکدا مرۆڤ خەون دەبینێت، کە درێژییەکەی چەند چرکەیەکە.

خەیاڵ لەخەون فراوانترە، بەڵام خەون گرنگی خۆی هەیە لەژیانی مرۆڤدا بە گشتی. شێرزاد حەسەن لەناو کورتە ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە پێناسەی خەون دەکات: "خۆی وایەو خەون دیوی دووەمە..قەرەبووی حاڵەتێکە، واقعێکە، ئاوات و ئارەزوویەکە کە نەهاتۆتە دی" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٤)

**زیندە خەون:** لەزمانی عەرەبیدا (الاحلام اليقيظة) بەکار دێت هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا(Day Dream) بەکاردێت زیاتر ئەو دیاردەیە لەنێوان هەرزەکاراندا دەبێت هەندێکجار لەگێڕانەوەی زیندەخەونەکەدا سنور دەبەزێنێت و پێی دەڵێن دروستکراوی خەیاڵی خۆیەتی. لەقۆناغی مێرد منداڵی و باڵغ بووندا ، دەشێ مرۆڤ حەزەکانی لەزیندە خەوندا بەدی بکات بە مەرجێک زیادەڕۆیی تێدا نەکات وسنورەکان نەبەزێنێت چەند ساتێک چێژ وەرگرێت، خاوەنی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونزانی سیگمۆند فرۆید دەڵێت: "زیندە خەون حاڵەتێکە دەکەوێتە نێوان خەون وبەئاگایی و بریتییە لەکۆمەڵێک ئامانج و حەزی چەپێنراوی بەدی نەهاتووی ناومێشکی مرۆڤ، تیایدا مرۆڤ ئەوحەزە بەدی نەهاتووەی سەردەمی منداڵی تێر دەکات، کەکۆمەڵگا و کەس و کاری ڕێگر بوون لەبەدی هاتنیدا"(الوردي، ٢٠٢١، ١٠٢) هەروەها زیندە خەون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە، حەزە شەهوانییەکانی مرۆڤ، بەر لەجووت بوون و لەکاتی جووت بوون و لەدوای جووت بووندا جیاوازە، ئاشکرایە بەر لەجووت بوون مرۆڤ لەبەئاگایی تەواودایە، بەڵام لەکاتی جووت بووندا ناتوانرێت بگووترێت مرۆڤ یان هەر بوونەوەرێکی دیکە یان جاڵجاڵۆکە لەهۆشی تەواودایە، بەڵکو دەکەوێتە حاڵەتی نیوە ئاگایی یان بێ ئاگایی یان وەکو زیندەخەونێک ڕەفتار دەکات، بەڵام لەدوای جووت بوون دیسان دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی کەخۆی لەبەئاگایی دەدۆزێتەوە.

نوسەری عێراقی عەلی وەردی دەڵێت: زیندەخەون دووجۆری هەیە و پەیوەندییان بە هەردوو جۆریکەسێتی سادیزم و ماسۆشیزمەوە هەیە؟

**یەکەمیان: زیندە خەونی ئەرێنیی.**

**دووەمیان: زیندە خەونی بێزارکەر** ، وەردی دەڵێت:"لە زیندە خەوندا مرۆڤ بۆی هەیە چاوەڕوانی کاتی خەوتن نەکات یان چاوەڕوانی بینینی خەون نەکات، بەڵکو زیندە خەون ببینێت لە هەرکاتێکدا خۆی حەزی لێبێت... لەیەکەم جۆری زیندەخەونی ئەرێنیدا حەزەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەیەکی سنوردار و واقیعی دەبێت و خۆشی و چێژ لەئازاردانی خۆی دەبنێت تا لەکەسی بەرامبەر، ئەو جۆرە کەسێتییە ماسۆشیزمی پێ دەڵێن. لەجۆری دووەمیاندا کە بێزارکەر و نەرێنییە تیایدا مرۆڤ سنور و واقیعەکانی کۆمەڵگا دەبەزێنێت لەئەنجامدا لەئەرزی واقیعدا شتێکی زۆر جیاوازتر ئەنجام دەدات، خۆشی و چێژ لە ئازاردانی بەرامبەرەکەی دەبینێت و بەڵا و دەردەسەری بەسەر دەهێنێت و ئەو جۆرە کەسێتییە لەجۆری سادیزمە"(الوردي، ٢٠٢١، ١٠٢-١٠٣).

زیندە خەون دەربڕی بیری هۆشی ناوەوەیە (فكر العقل الباطن) لەڕاستیدا ڕاکردنە لەواقیع کەسانێک هەیە زۆربەی ژیانی بەزیندە خەون بەسەر دەبات بە تایبەتی لەقۆناغی باڵغ بووندا، بۆ نموونە لەتەمەنی هەرزەکاریدا کوڕ بێت یان کچ بێت خەیاڵ دەکات باشترین خواردن وباشترین ژیان بەسەر ببات بۆئەوەی لەو واقیعە تاڵ وناخۆشەی تێدا دەژی بە دوور بێت و زوو گەورە بێت، کچان خەیاڵی جوانکاری جەستەیان دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەربکەون.

هۆیەکانی بینینی زیندە خەون: بیرکردنەوەی خودی و دووره پەرێزی مرۆڤە لەدەوروبەر، دانانی پلانێکی وەها بەدیهێنانی لەسەر ئەرزی واقیعدا ئاسان نەبێت، بۆ چارەسەری نەبینینی زیندە خەون، پێویستە تێکەڵاوی خەڵک بێت.

## ٢.٢ خەون وجۆرەکانی خەون لەڕووی تیۆرییەوە:

خەون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە لەگەڵ بوونی گەردوون خەون بە مرۆڤ ئاشنایە. "پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا، هەروەکو ئۆتۆڕانك Otto "Rankدەڵێت: وەکو دابەش بوونەکانی ڕاناوی "من" وپەرتەوازە بوون وایە. .. وڕێنە لە خەون دروست دەبێت هەروەها خەون لە وڕێنە لە دایك دەبێت...لە زانستی دەروونزانی ئیکلینیکیدا بەهەردوو بەشە گەورەکەیەوە تێبینی دەکرێت: لە نەخۆشییە عەقلییەکان و نەخۆشی دەروونی – گرێی دەروونی، کە هەردووکیان نەخۆشی شیزۆفرینیان، کە بە نەمانی یان دابەش بوونی کەسێتیی ناسراوە، ئەم جۆرە کەسێتییانە گشتیان لەجۆری کەسێتییە ڕاڕاییەکاندا بوونیان هەیە"( حليفي، ٢٠٠٩ : ٨٤) ئۆتۆڕانك پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا بەراورد دەکات لەگەڵ دابەش بوونەکانی ڕاناوی مندا لەڕووی واتاوە، دووانەی وڕێنەو خەون و نەخۆشییە عەقڵییەکانی وەك خەمۆکی ذەهانی و عوسابی کەنەخۆشی شیزۆفرینای لێ دەکەوێتەوە ئەمجۆرە کەسێتییە نەخۆشانە لەکەسێتی دابەشکراو یا شیزۆفرینا دەچن. بۆچوونی ئایینی وبۆچوونی زانستی بۆ خەون هەیە. لەپێشەکی کتێبی خەوننامەی کوردیی (ئیبن سیرین) دا خەون لەڕووی ئایینەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:"بەشێکی لەلایەن پەروەردگارەوەیە و بەشێکی تریشی لەلایەن شەیتانەوە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموویێت:"خەو دوو بەشە یا لەلای پەروەردگارەوەیە یاخود لەلای شەیتان"(ئیبن سیرین، ٢٠١٦، ١٤).

کەواتە خەو جگە لەڕووی زانستی، لەڕووی ئایینیەوە لێکدانەوەی بۆکراوە! لەنموونەی خەون لەقورئانی پیرۆزدا "پەروەردگار باس لەخەونی شای (میسر) دەکات و دەفەرمویێت: {وقال الملك إني آرى سبع بقرات سمان يأكلهن سبع عجاف، وسبع سنبلت خضر يابسات يأيها الملأ أفتوني في رءيي إن كنتم للرءيا تعبرون"(سورة يوسف، الأية ٤٣، ٢٤٠) مانگای قەڵەو ساڵی پڕ و فەڕ و پیتە و لاوازیش ساڵی قات و قڕییە،

نموونەی خەونێکی دیکە لەقورئانی پیرۆزدا، کاتێک ئیبراهیم پێغەمبەر خەون دەبینێت خوای گەورە فەرمانی پێدەکات کە ئیسماعیلی کوڕی سەر ببڕێت، "فلما بلغ معه السعي قال يا بني إني أرى في المنام أني أذبحك فأنظر ماذا ترى قال يا أبت أفعل ما تؤمر ستجدني إن شا الله من الصابرين".(سورة ألصافات، الاية: ١٠٢: ٤٤٩)، بەڵام خوای گەورە فەرمان بە ئیبراهیم پێغەمبەر دەکات لەبری سەربڕینی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی قوربانییەک بکات. کاتی خایەنراوی خەون لەنێوان شەش تا دە چرکە تێپەڕ ناکات لەبۆچونی زانستیدا خەون دابەش دەکرێت بۆ هەشت جۆر: -لەڕووی زانستییەوە لەچەند دابەشکردنێکدا خەون لای زانایانی دەروونناس دەکرێت بەچەند بەشێکەوە: "یەکەم/ خەوی جۆراو جۆر. دووەم/ خەوی پچڕ پچڕ. سێیەم/ خەوی دووبارە. چوارەم/ خەوێک حەزو ئارەزووی تیا بەجێدێت. پێنجەم/ خەوێک ترس ئامێزبێت. شەشەم/ خەوی هەڵگری ڕووداوی داهاتوو. حەوتەم/ خەوی تێکەڵ وپێکەڵ. هەشتەم/ خەوی مۆتەکاوی وراچڵەکێنەر." (ئیبن سیرین، نابلسی، دمیری، ٢٠١٦، ٤٩) بەشێک لەزاراوەکان لە نێوان سەرچاوە زانستییەکاندا جیاوازن، هەروەها خەون بەگشتی بەسێ "قۆناغدا تێپەڕ دەبێت: یەکەم/ چوونە نێو خەو. دووەم/ قۆناغی جموجووڵ و خەوبینین. سێیەم/ قۆناغی خەوی قووڵ. "(ئیبن سیرین، نابلسی، دمیری، ٢٠١٦، ٤٩)

- خەونی ئاسایی: هەر مرۆڤێک بە سروشتی خۆی خەون دەبینێت بە شێوەیەکی گشتی لەکاتی نوستندا بەشەو.

**- خەون لە ڕووی زانستییەوە شەش جۆرە:**

١. زیندە خەون: ئەو جۆرەیە لەخەون کە هەر پێنج هەستەوەرەکەی لەکارە واتە لەنێوان بە ئاگایی و خەوتندایە.

٢. زیندەخەونی درۆ: (أحلام الصحوة الكاذبة) خەون بین وادەزانێ خەون نییە بەڵکو واقیعی ڕاستە، بۆ نموونە خەون بین وادەزانێ لەخەو هەڵستاوە و جلی لەبەر کردووە و دەچێت بۆ کار، دواتر کە لەخەو هەڵدەستێت ئەوکاتە دەزانێ خەونی بینیوە.

٣. خەونی کابوس: خەونی بێزارکەر، خەون بین توشی ترس وڕاڕایی دەبێت.

٤. هەمان خەونی دووبارە بووەوەیە لەلایەن کەسی خەون بینەوە بە گۆڕانکاری کەمەوە.

٥. خەونی ئیپیکی (احلام ملحمیه)

٦. خەونی پێشکەوتو: تەواوکەری خەونی لەپێشوترە کە بینیویەتی، یان پێشبینییە بۆ خەون بین (محمد، ٢٠١٦، mawdoo3.com).

**چەند جۆرێکی دیکەی خەون جیا لە بۆچونی ئاینی و زانستی:**

- شەیتانی بوون یان باڵغ بوون "الاحتلام"، کچ لەتەمەنی نۆ ساڵی یان لەنێوان دوازدە تا چواردە ساڵی کوڕ لەنێوان دوازدە تا شازدە ساڵی، کە لەوماوەیەدا لەدوای بینینی خەونێک یان لەکۆمەڵی کوردەواری پێی دەڵێن شەیتان پێی پێکەنیوە یان شەیتانی بووە، کە تیایدا کوڕ لەقۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی مێردمنداڵی دەچێت، بۆ کچ یەکەمجار کە تووشی سووڕی مانگانە دێت، کۆئەندامی زاوزێی بەرەوگەشە کردن وکامڵ بون دەچێت.

-"هورم" خەونی ناوخەونە، شێرکۆ بێکەسی شاعیر چەمکی ئەو زاراوەیە لەفەرهەنگۆکێی دیوانی شیعرەکانیدا لە ڕۆمانە شیعری (خاچ ومار وڕۆژمێری شاعیرێ) بەکاری دەهێنێت، لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا"(هۆرم) بەکوردی -خەوێ کەلە خەودا ئەیبینین، بە فارسی رویاء خواب"(lex.vejin.net)

نموونە: تۆ خەون بووی لەناو خەونا

تۆ پیاوانی "قەرەداغ"ی وەک"نارامسین"

کەڵلە کەڵ وەکو هەرێز

سنگ تووکن وەکو دەربەندی باسەرە

چاو قایمت لەبیرنی یە (٧٤٢) ل٣١١، خاچ ومار وڕۆژمێری شاعیرێ.

هەروەها شاعیری فەلەستینی مەحمود دەرویش دەڵێت:

هذا هو السجن

حين يتحول وطنا بكامله

هذا هو الألم حين يصبح فجرا

والموت حين يصبح حياة

كنت حالما داخل حلم. (٧٤١) ل ٣١١ ، خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ.

مرۆڤ لەخەونێکدایە لەناو خەونەکەدا خەونێکی دیکە دەبینێت هەروەها لەوڕێنەدا مرۆڤ دەچێتە جیهانێک کەتیایدا لەدەوروبەرەکەی دادەبڕێت و تەنها وڕێنە دەکات سەرقاڵ و ئالودە و پەیوەستە بە وڕێنە.

"هۆبز درێژە بەبیرۆکەکانی دەدات دەربارەی خەون بۆ بابەتی تارماییەکان وخەیاڵە ترسناکەکان کە پەیوەست دەبێ بە هەستکردن بە ترس، کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات بەرلە خەوتن، ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە خەون.

**زیندەخەون** کەزیاتر بابەتی ئەم توێژینەوەیە، ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ تێی دەکەوێت، لە نێوان بەئاگایی و بێئاگایی یان واقیع و خەوندا"خەونی دۆن کیشۆتی نوسەر سێرڤانتسە، کە پێش سێ سەد و پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا لە ئیسپانیا ژیاوە، ئەو کاتە کۆمەڵگای ئیسپانی حەزیان بە ڕۆمانی ئەسپ سواری و گیانبازی هەبووە، جل و بەرگی درعیان لەبەرکردووە کاری شمشێربازییان کردووە وپشتیوانیان لە ژن و خەڵکی سڤیل دەکرد بۆ ئەوەی ناو بانگ دەربکەن... خەونی کیشۆتی لە زیندە خەون بەوە جیا دەکرێتەوە کۆنترۆڵی ژیانی مرۆڤ دەکات و جیهانێک بۆخۆی فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی تیایدا بەخۆشی بژیێت، بەم شێوەیە ژیانی سەرتاپا بریتی دەبێت لە خەون"(وەردی، ٢٠٢١، ل١٥٦- ١٥٩). لێرەدا زیندە خەون دەبێتە نەرێتێک سەرتاپای ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت لەبوارێک لە بوارەکان و چالاکییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ.

"مرۆڤ لەجۆرێکی تایبەتدا خەون دەبینێ، لە نێوان زیندەخەون وخەوتندا، لێرەدا مرۆڤ زۆر دڵنیا نییە خەوتوە یان بە ئاگایە... ئەم جۆرەیان لەکاتی شەو لەتاریکیدا شتی پرپووچ وتارمایی دەبینێ وتوشی واهیمە دەبێت لەوکاتانەدا تارمایی ومردووی زیندوو دەبینرێن تەڕاتێن دەکەن لە کەنیسەکان وگۆڕەپانەکاندا لەشەودا "( عبدالحمید ، ٢٠٠٩: ١٦٥) خەون بینین لە نێوان زیندە خەون وخەون بینیندا زۆرجار مرۆڤ هەر لە کاتی ئەوهێنان وبردنەدا نازانێ ئەوکابووسەی کەدەیبینێ ئایا ڕاستە یان خەونە! کەسەکە پێی وایە بە ئاگایە بۆ تاقیکردنەوەی خودی خۆی هەوڵدەدات خۆی تاقی بکاتەوە دەستی یان پێی خۆی دەجوڵێنێ، بەڵام ئەم کارەی پێ ناکرێ وەکو مردوویەکی زیندوو وایە، بۆ ڕزگار بوون لەوکابووسە ناخۆشەکە هەوڵ دەدات وەئاگابێتەوە ئەو زیندە خەونە یان ئەوکابوسە درێژە نەکێشێت هەندێک جار خەوبین قیژەیەک دەکات. عەلی وەردی نوسەری عێراقی دەڵێت: "چیرۆکی دۆن کیشۆت تەنها وێنایەکی گەورەکراوی خەونی مرۆڤ خۆیەتی، هەر یەکێک لە ئێمە لەهزری خۆیدا خۆی بە گەورەتر دەبینێت لەوەی کە لە سەر ئەرزی واقیعدا هەیە"(وەردی، ٢٠٢١، ١٦٠) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت، بەڵام تاکەکان هەستی پێناکەن.

## ٣. زیندەخەون و ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)

**٣. ١ زیندەخەون لە کورتە ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان) دا:**

زیندەخەون یەکێکە لەو جۆرە خەونانەی کەلەو کورتە ڕۆمانەدا بەکار هاتوون، کەدەکرێتە دوو لق (زیندە خەونی ئەرێنی و زیندە خەونی بێزارکەر یان نەرێنی) لەم کورتە ڕۆمانەدا باس لەکۆمەڵێک داب و نەریتی کۆن و ئامۆژگاریە چەوتەکان دەکات لەکەسە نزیک و بەتەمەن و نەخوێندەوارەکانی وەکو دایک و باوک و داپیرەی بەرگوێچکەکانی دەکەوێت، لەلای خۆی ڕێگری لێدەکەن لەنەزەر حەرامی و گوناح و تاوان! کەچی ئامۆژگارییەکانیان دەبن بە کۆسپ و ڕێگر، دەیان کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن، لەنموونەی داپیرە کە لەکورتە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵێکی بەرچاودەبینێت لەو ژینگە داخراوەی کە تێی دەکەوێت، کە لەکۆمەڵی کوردەواریدا نموونەیان زۆرە . هەروەکو لە تێسکتێکی کورتە ڕۆمانەکەدا هاتووە، داپیرەی بەنەوەکەی دەڵێت: دەبێ ڕەوانەی لای مامۆستا مەلا یونست بکەم وانە بخوێنی بۆ ئەوەی نەزەر حەرامی و خۆشەویستی نەکەی ل ٣٢٦-٣٢٧.

"حەزیش دەکەم بزانیت کە دووسەد ملیۆن ساڵ بەر لەمن و تۆ هەبووە، کەواتە تەمەنی جاڵجاڵۆکە سێ سەد ملیۆن ساڵە...وەلێ هەزار جار بەداخەوە دەنێو ئەو هەموو خووە سەیر و جوانانەی گیانداران و مەلان زیندەوەرەکان بۆ مەسەلەی جووتبوون، هی جاڵجاڵۆکە لەهەمووان سەیرترو بێزەوەرترە...دیارە هی جاڵجاڵۆکە لەهەمووان درێژتر دەخایەنێ "(حەسەن ، ٢٠٠٥ : ٣٣٦).

لەزیندە خەونێکی بێزارکەر یان نەرێنیدا کەسێتی کارەکتەر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەبن بە نێرە و مێیەی جاڵجاڵۆکە، وەکو زیندەوەرێک کاتێک مێیەکان لەگەڵ نێرەکاندا جووت دەبن هەرچوار پەلی نێرەکان قوت دەکەن وقوتیان دەدەن، هەروەها کاتی جووت بوونیان ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بە شێوەک لەزەت وشەهوەت درێژە دەکێشێت ماوەی بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤدا زۆر زیاترە، خودی نوسەر بەشێك لە ژیانی خۆی وخەونەکانی بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەگێڕێتەوە، لە نێوان خەونی خۆش وخەونی ناخۆشدا، کاریگەری داب و نەریت و بۆچوونە ئایینیەکان بە هەڵە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دۆخە چەق بەستووەکان کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی کەسی یەکەمی چیرۆکەکە و کۆمەڵی کوردەواریدا هەبووە، لەکاتی ئەوپەڕی شەهوەت و جووت بووندا مرۆڤ دەچێتە زیندە خەونەوە لەدەورو بەری خۆی دادەبڕێت تەنها بیری لە سێکس کردنەکەیە."کە منداڵ بووم بەیانێکیان کە هەستام دووجاڵجاڵۆکە لەسەر سەرینەکەم بوون، ڕاست وچەپیان لێ گرتبووم، شێتانە گەمەیان بەشاخە باریکەکانیان دەکردو ڕووەوکونی هەردوو گوێچکەم دەهاتن، دوو جاڵجاڵۆکەی ڕەشباو و قەڵەو و توکن.. گەرەکم بوو پڕ بەو ترسە دونیا پڕ بکەم لەهاوار، هاوار لەقوڕگمدا تاساو دەرنەدەهات من لەخەودا بووم وکەچی وەک ئەوە وا بووبە ئاگابم"(حەسەن ، ٢٠٠٥ : ٣٢٥-٣٢٦).

لەزیندە خەونێکی ئەرێندا لەترسی دوو جاڵجاڵۆکەکە هاوار دەکات ودەردەپەڕێت بە نیوە بە ئاگاییەوە ڕادەکات، یەکێک لەسیماو خەسڵەتەکانی زیندە خەون، خەون بین بەئاگایە، بەڵام دابڕاوە لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا. هەروەکو لەم کورتە ڕۆمانەدا خەون بە پاکیزەی خێزانی دەبینێت کەدەبن بە دوو جاڵجاڵۆکەی نێرەو مێیە، بەتایبەتی شەوانی پڕ دەبوو لەسیحر وجوانی وفۆبیا وشەرم "من لەناوخەونەکانمدا سەفەر بەناوئەم دونیایەدا دەکەم، دەتوانم لەنێوان مانگ وئەستێرەکاندا پیاسە بکەم، دەنێو دارستانەکاندا گەمە لەگەڵ شێر وپڵنگ ومەیموونەکاندا بکەم...قسە لەگەڵ درەختەکاندا دەکەم و..وەک ماسی بە سەعات بچمە ژێر ئاو نەخنکێم..دەچمە ناو ئاوێنەکان ودێمە دەرێ بێئەوەی ئاوێنەکان بشکێن وبریندار بم"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢-٣٢٣).

هەر بە هۆی زیندەخەونەکانەوە شارەزایی زیاتر پەیدا دەکات لەهەڵس و کەوت کردن لەگەڵ سروشت و زیندەوەر و گفتوگۆ کردن لەگەڵ گیانەوەراندا " لەخەوندا دەبینێت دادگایی دەکرێت و لە سێدارە دەدرێت .. سەد چەقۆی بەردەکەوێت و دەمرێت، کەسێك وەکو عیسا پێغەمبەر دەست بەسەر برینەکانی دادەهێنێت و سارێژ دەبێتەوە.. هەروەها خۆی لەناو ئاگردا دەبینێت بە سوتاوی.. خۆی لەناو ئاوی زەریاکاندا دەبینێت و دەخنکێت.. لە خەوندا دەبینێت کەلە ناو چاڵێکدایە پڕە لە مشك و مار یان لەسەربانێکدایە پڕە لە مارمیلکەو جاڵجاڵۆکە.. زۆرجار لە بنمێچی خانوە هەژارەکەیان و خانوی خزم وکەسیان جاڵجاڵۆکە پشت توکنەکان خۆیان هەڵواسیوە.. هەندێکجار جاڵجاڵۆکەکان ڕاست و چەپیان لێدەگرت و گەماڕۆیان دەدا و زەندەقیان دەبرد.. کە بەئاگا دەهاتەوە لەترسان وەك پشیلە دەردەپەڕێت و ساتمە دەکات و دەست و قاچی دەشکێت.. دایك و ئەندامانی خێزانی زگیان پێدەسوتاو بەتامای قیت بوونەوەی نەدەبوون دەگەیشتە سەرەمەرگ و لەسەری دەگریان.. لە ڕۆژانی تەنیایی و بێبەشیدا لەسۆز و خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەدا .. خانمێك لە ژێر کراسێکی زۆر تەنك و سپی دێتە خەونی تا ماندوو دەبوو دەست بازی لەگەڵدا دەکرد .. هەندێکجار لە تاو پرسەی خزم و خوێ ئەوەندە فرمێسك دەڕێژێت لافاو هەڵدەستێت هەمووخەڵك بە فرمێسکەکانی دەزانن"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٣-٣٢٦).

یەکێک لەزیندە خەونە بێزارکەرەکانی کە لەدرێژەی ئامۆژگارییەکانی نەنکی و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لەڕووی ئایدیۆلۆجیاوە دژ بە یەکن چەندین خەونی جۆراوجۆر دەبینێت، لەدوای زیندە خەونەکە ڕادەچڵەکێت و ڕادەپەڕێت و سەری لێدەشێوێت و ساتمە دەکات و بەردەبێتەوە و گیانی دەشکێت و زۆر ئازار دەچێژێت "ئەو جارە بوو بۆ یەکەم جار منی چکۆڵەو جیقن لێم پرسی:"ئەرێ هۆ دایکە.. ئەمن کوو لەدایک بوویمە؟"بە ترس وشەرمێکەوە، وتی:" جەرگەکەم.. ڕۆژەکیان.. ئەمن زکم زۆر دێشا.. لەناکاو ڕشامەوە و ئەتووم لەناو ڕشانەوەکەی هەڵگرتەوە و پاکم کردیتەوە.. خاوێن و باوێن.. هەتا هەنووکە گەورەم کردی.. من بۆ سەدها جار خەونم بەو ڕشانەوەو لەدایکبوونەوەیەوە بینی" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٠).

هەموو ئەو قسەو کردەوانەی لەدایک ونەنکی دەبیست بەردەوام لەهزری دەزرینگایەوە و لەترسانا دەبوون بەزیندەخەون بەرۆکی بەرنەدەدا. هەندێکجار بەهۆی گێڕانەوەی خەونە قێزەونەکانی پاکیزی هاوسەری دەڕشایەوە، لەگەڵ ئەو ڕشانەوەی بیردەکەوێتەوە کە دایکی بۆی دەگێڕێتەوە لەکاتی لەدایک بوونییدا لەگەڵ ڕشانەوە لەزگی دایکی دێتە دەرەوە دایکی لەناو ڕشانەوەکە دەری دەهێنێت ودەبێت بەو مرۆڤە .

"زوو خەونەکەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە..دەرحاڵ وتی: ئاە ..کە خەونی بێزەوەر دەبینی، سێ چوار هێڵنجی داو رشایەوە، ئەو کاتەی ئەو رشایەوە..من هێشتا هەر لەناو خەونەکەدا دیل بووبم..یان لەناو هەناوی"پاکیز"دا بووم، چونکە من لەوە دڵنیام کە ئەو بەسەر مندا رشایەوە، چونکە کە رشایەوە من لەناو هەناوی ئەودا بووم"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٠).

کاتێک لەخەوندا هەردووکیان دەبن بەجاڵجاڵۆکەی نێر ومێ پاکیز هەروەکو سروشتی جاڵجاڵۆکەکان مێیە نێرینەکەی لەکاتی جووت بووندا هەر چوار پەلی دەقرتێنێت و قوتی دەدات و چێژی لێدەبینێت و زۆر ڕقو کینەی لەڕەگەزی بەرامبەرە، وەبیر هاتنەوەی قسەو ڕشانەوەکانی نەنکی و خێزانی بوو، ئەوخەونە بۆ زۆر خەون شیکەرەوەو دۆست و ناسیاوەکانی دەگێڕێتەوە ئامۆژگاری دەکەن ئەگەر خووی خەراپی کتێبە حەرامەکان و لەزەت کردن لە بینینی ئەو هەموو خەونە بێ سەروبەرە نەهێنێت کۆتاییەکەی باش نابێت لەوانەیە شێت بێت یان ڕیسوا بێت.

خەونێک بەردەوام لەگەڵیدا دەژیی وازی لێناهێنێت تا نەفرەتی دونیاو قیامەتی بەسەر سەریدا دادەبارێنێت. "وەلێ من تا دوا شاخەونی خۆم رۆیشتم تا دوا خولیاو خووی خەراپم..هەر هەمووشی گوناهی نەنکم بوو..نەنکم نا..گوناهی "گونهای یەکەم" بوو" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣١).

گوناهی یەکەم لەبەهەشتدا روویدا، دیارە نەنکی بەردەوام بە نەزانی ترس و دڵە ڕاوکەی دەخستە دەروونی ئەو مێردمنداڵە، لەڕاستیدا ئامۆژگارییەکانی بۆ بەرژەوەندی نەوەکەیەتی کەچی بەشێک لەبیروباوەڕە کۆنەکان زیان دەبەخشن لەبری سوود وەرگرتن، ئەوجۆرە مێردمنداڵانە پێویستیان بە پاڵپشتی کردن و ژینگەی ئارام هەیە.

گوایە لەدوای پەیماندان و بێنەو بەردە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا واز لەچاودێری کردنی جووت بوونی زیندەوەران و ئاژەڵان بهێنێت، کەچی دواتر خەون دەبینێت کە هەردووکیان بوون بەدوو جاڵجاڵۆکەی نێر ومێ! " لەوشەوە مانگەشەوە هاوینە لەسەر باندا دەست پێدەکات : "هەر بۆیە لە یادمە بێ ئاگا لە خۆم باسی خوڵقی ناچیزەی جۆرێك لە جاڵجاڵۆکەم بۆ دەکرد کە تازە لەکتێبێکدا خوێندبوومەوە..دە جاران لەپێی خستە سەر دەمم دەیوت" تووشەرەفت وازبێنە..خۆت بەڵێنت دابوو..!"(حەسەن، ٢٠٠٥ : ٣٣٥).

لەزیندەخەونێکی بێزارکەردا کەسێتی کارەکتەر بەدەست خۆی نەبوو نەیدەتوانی لەو بابەتەی جووت بوونی جاڵجاڵۆکە دوور بکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە پاکیزی خێزانی ڕشانەوەی بەم قسانە دەهات. پاکیز دەڵێت:"وەلێ هەزار جار بەداخەوە دەنێو ئەو هەموو خووە سەیر و جوانانەی گیانداران و مەلان و زیندەوەرەکان بۆ مەسەلەی جووتبوون، هی جاڵجاڵۆکە لە هەمووان سەیرترو بێزەوەرترە...دیارە هی جاڵجاڵۆکە لەهەمووان درێژتر دەخایەنێ"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٦).

جووت بوونی جاڵجاڵۆکە جووت بوونێکی زۆر ناوازەیە ، جووتبوونێک کە تیایدا نێرەی جاڵجاڵۆکە هەرچوار پەلی لەلایەن مێیەوە دەقرتێندرێت و چێژی لێدەبینرێت و دواتریش لوش دەکرێت ئەو پرۆسەیە ماوەیەکی زۆر دەخایەنت کەزۆر لەهی مرۆڤ زیاترە ."زۆر سەیرە هەندێکیان تا بڵێی درندەن و خوویەکی زۆر بەربەریانەیان هەیە، ئەو وەختەی تێك دەئاڵێن..هێدی هێدی..زۆر لەسەرخۆ..لە گەرمەی رامووسان و دەست لەملانێدا مێیەکە نێرەکەی دەخوات..بەخوا درۆ ناکەم..خۆی وایە..لە دوا ترۆپکی لەزەتی هەردووکیاندا نێرەکە قووت دراوەو بۆتە پاروویەکی گەرم دەنێوسکی مێیەکەدا." (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٦) جارێکیان لە ئێوارەوە ڕیش دەتاشێت بۆن و گوڵاو لەخۆی دەدات و مەرایی دەکات و هەوەسێکی زۆری هەیە بۆ پاکیز، لەگەڵ بیستنی درندەیی مێینەی جاڵجاڵۆکە بەرامبەر بە نێرەکەی و هەروەها بەدخوویی نێرەی جاڵجاڵۆکە دەگاتە ڕاددەی بەگژداچوونی دایکی خۆشی، ئەمانە پاکیز تورە دەکەن و لە ئەنجامدا ئەو نیازەی کەخۆی لێخۆش کردبوو وەکو تەمێك ڕەوییەوەو نەما، لەتاو نیازە نەزۆکەکەی شیعرێکی دڵداری بۆ دەخوێنێتەوە پاکیز لەوەڵامدا دەڵێت:"نایخوات ..بۆ خۆتی بخوێنەرەوە..با نەبم بە جاڵجاڵۆکە و بتخۆم..! "(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٩).

لەزیندە خەونێکدا پیاوەکە کاتێك بێئومێد دەبێت لەجووت بوونی جاڵجاڵۆکە هەوڵ دەدات بۆ شەوی دواتر باسی جووت بوونی کۆتری بۆ بکات کەباشترین غەزەل خوانە شیعر دەخوێنێت بۆ ئەوەی پاکیز ڕازی بکات، بەونیوە شەوەی هاوین لەسەربانەدا هەوڵدەدات هەروەکو سەردەمی منداڵی خۆی بە ژماردنی ئەستێرەکان خەریک دەکات، بەڵام لەکاتێکدا کە چاوی لێڵ دەبێت بەرچاوی ڕەشکە وپێشکە دەکات جاڵجاڵۆکەیەك بە هەودایەکی ئەستوورەوە خۆی شۆڕ دەکاتەوە "کە وتم-" لەو خەونەدا من وتۆ، هەردرووکمان، ببوین بە جاڵجاڵۆکە"..تاوێك و بێ دەنگ بووم. وتی-"مەوەستەو تەواوی کە..دواجار خەونە.. هەرهیچ نەبێ بەگێڕانەوەی خەونەکە خۆت لەپاشاوەی ئەو خەونە ترسناکە قورتار دەکەی"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٢).

پاکیز بێزی لەخەونەکانی دەکردەوە، بەڵام زۆرجار گوێی بۆ شل دەکردو هەندێک جاریش وەکو مێیە بەرگری دەکرد و سەرزەنشتی دەکرد. "بۆم گێڕایەوە کەچۆن من وئەو ببووین بە دوو جاڵجاڵۆکەی گەورۆنە و لەگەرمەی دەست لەملانێدا بووین کەبە قەپاڵ دایگرتمەوەو قووتی دام..چەندە پاڕامەوە کەنەمخوات..بێ هوودە بوو..تکاو پاڕانەوەم دادی نەدا..ئەوە بوو لە ترسانا ڕاچەنیم." (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٣) زیندە خەونی نەرێنییە، جۆری زۆر نزیکە لەڕاستییەوە، کە ڕادەچەنێ وبە ئاگادێت ئەوکاتە دەزانێت کەزیندەخەونە. " جا چی تیایە؟ کە وەئاگاین جەنابت زاڵە ..با لە خەودا من زاڵ بم"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٤) لەکاتی بە ئاگاییدا ژنەکە زاڵە ، لەکاتی خەوندا پیاوەکە زاڵە ، لە دیالۆگێکدا لە نێوان ژن و مێردا: "دەتەوێ بڵێی من ئەوەندە شەڕانگێزم..نەخێر مێردی میرخاس..لەوانەیە ئەو خەونە دیوێکی دیکەی هەبێ کام دیو؟" بۆ نموونە لەوانەیە تۆ لە پای گوناهێك کە کردووەتە[کردووتە] حەزت کردووە لەناو بچیت..بۆیە حەزت کردووە لە تۆڵەی ئەو گوناهەت بۆ پاکبوونەوەت من بتخۆم" "دەستت خۆش بێ وعافیەتە"( حەسەن، ٢٠٠٥ : ٣٤٤).

مێینە بە شێوازێکی زۆر سەیر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پیاواندا دەسەپێنن، باس لەهەڵس وکەوتی ژن دەکات بەر لەخۆبەدەستەوە دانی، هەرچەندە خۆیان گیف بکەنەوە ئەوەندە زووتر خۆیان بەدەستەوە دەدەن."هەر هەموو جاڵجاڵۆکە مێیەکان سەرگەرمی قرتاندنی چوار پەل و سەری نێرەکانیان بوون..پاشان کەوتنە خواردنیان..ئەوانی تر بێ دەست لەملانێ و رامووسان نێرەکانی خۆیان قووت دا..کەچی من وتۆ، ئاخ لەمن وتۆ، چەندە بەناسکی تێك ئاڵابووین...کاتێکم زانی وام لە هەناوتا"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٧)

لەکاتی جووت بوونی نێرە و مێیەی جاڵجاڵۆکەدا نێرەکان خۆیان لەهەناوی مێیەکاندا دەدۆزنەوە."تۆ دەتەوێ درندەیی و چەپەڵی من بڕازێنێتەوە، یانی من تۆم خواردووە..نا..تۆم لەت و پەت کردووە، پاشان ئەوەندە بە ناسکی تۆم خواردووە کە ئیدی تۆ لە خۆشیانا شاگەشکە بووی..تۆ دەتەوێ بە ژێتیکی"سادی "م لەقەڵەم بدەی؟" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٧).

پاکیز زویر دەبێت بەم شێوە جووت بوونەی پێی وایە ئەگەر بەم شێوەیە ڕەفتاری کردبێت واتا کەسێکی سادیزمە کە جۆرە کەسێتییەکە حەز بە بینینی ئازاردانی بەرامبەرەکەی هەیە و چێژی لێدەبینێت، هەروەها جۆرێکی دیکەی کەسێتی دیکە هەیە حەز بە ئازاردانی خۆی دەکات وەکو کەسێتییەکی قوربانی بەماسۆشیزم ناسراوە. "نا وا نییە کەسەکەم.. من خۆم کابرایەکی "ماسۆشی"م حەز بە ئازاری خۆم دەکەم، پاشان من پێم وتی کە گوناهی تۆی تیا نەبوو..تۆ ببووی بەجاڵجاڵۆکەیەکی برسی و گەورۆنەخۆی ماچ و موچەکەی تۆ وا بوو.. من ئازارم پێ نەدەگەیشت..بەڵکو پێم خۆش بوو."( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٨) نێرە خۆ بە کەسێتی ماسۆشیزم دادەنێت کە زیاتر خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ئازار نەچێژێت و چێژ ببینێت."ئا بە خوا.. درۆ ناکەم..هەتا من وتم: بمخۆ گیانەکەم بمخۆ..ئەمشەویش نەمخۆی..شەوێکی دیکە هەر دەمخۆی..کە تۆم بینی ئەوەندە برسیتە..قەستم دەکرد بمە پاروویەك و ناو هەناوت گەرم بکەمەوە"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٨) ئەم هەستە لەکاتی زیندەخەوندا هەمووی لەئەوپەڕی لەزەت و شەهوەتدا لەلایەن نێر و مێدا بەدی دەکرێت، لەڕاستیدا لەکاتی جووت بوونی بەشێک لە نێرەو مێیەدا بەتایبەتی لەکاتی لوتکەی لەزەتدا هەردووکیان بەتەواوی لەدەورووو بەریان دادەبڕێن یان ڕاستتر بڵێین لەزیندە خەونێکی زۆر قووڵدا دەبن، بەڵام لەدوای چێژ جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بارە ئاساییەکەی

خۆیان."لەو هەودا ڕەنگاو ڕەنگانە ورد دەبوونەوە، لە تۆی دەست ڕەنگین، لە منی بەندکراو لەودیو هەودا باریکەکانەوە، نەیاندەزانی مەسەلە چییە، ئەمەیان خانۆچکەیەکی بەهەشتییە یان زیندان ؟ لێت ناشارمەوە من لەژێر چاوەوە لە دونیای دەرەوەم دەڕوانی و خەونم بەو سەربەستییەوە دەبینی کە تۆزێ لەمەوبەر هەمبوو...گوێم لە نرکە و ناڵەی جووتە تێك ئاڵاوەکان بوو" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٢).

لەدوای لەناوبردنی کۆمەڵێك جاڵجاڵۆکەی مێیە کەهاتبوون بۆ جووت بوون و لەزەت وەرگرتن لەو قۆزاغەیەی کە پاکیز دروستی کردبوو بەدەوری مێردەکەیدا هەوڵی لەناوبردنیان دەدات لەبەر ئەوەی غیرەیان ئێدەکات. "لە ناوەوە خۆت بۆ جەنگێك ئامادە دەکرد، دەبوو پێشتر لەرۆحی پڕلە غیرەو بەغاڵەتت ئاگرێك داگیرسایە، ئاگری رق و تۆڵەیەك دژ بەو جاڵجاڵۆکە جوان و خنجیلانەی هاوتوخمی خۆت بوون و دژی ئەوانەشی کەلە ڕاو و ژوان نەدەکەوتن و هاوتوخمی من بوون"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٤).

مێینەکە هەردوو ڕەگەزەکەی لەناودەبرد. لەدوای خوێنمژین و لەت و پەتکردنی جاڵجاڵۆکە نێرە و مێیەکان لەلایەن پاکیزەوە ناوە ناوە دەهات تەشقەڵەیەکی بە پیاوەکەی خۆی دەکرد باڵادەستی خۆی دەسەپاند، ئەویش لە ترسان نەدەوێرا پەرچەکرداری هەبێت دەیزانی ئاکامەکەی زۆر خەراب و ترسناك دەبێت، بۆیە بە مجامەلە پێی دەگووت دەوامەکە عەیبە وازبێنە."ئان و سات بوویتەوە بەو(پاکیز) ەی- ئێستاو جاڵجاڵۆکەکانت دەخواردو دەتکرماندن، ناوگەڵت لێبلاو کردبۆوە وهەر هەموو جاڵجاڵۆکە نێر و مێییەکانت هەڵدەلووشی..لە دامێنتەوە.. دەتوت دەچنە ناودەمی ئەشکەوتێکی تاریکەوە، دەموت: بۆ جاڵجاڵۆکە مێیەکان تێکەیشتم بۆ..بەڵام نێرەکان چییان کردووە؟ دەتوت: تۆ نێرە نیت..گەرەکە توخمەکەت بڕێتەوە..! "(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٤-٣٥٥) جاڵجاڵۆکە مێیەکانی دەکوشت لەبەر ئەوەی غیرەی لێدەکردن، بەڵام نێرەکانیشی هەڵدەلوشی بۆ ئەوەی توخمی نێرینە بسڕێتەوە. "لە دوورەوە هەر دەتوت دامێنت سێگۆشەی بەرمۆدایە و شتەکانی دەوروبەر قووت دەدات و هەڵدەلووشێت...هەر هەموو هێلکەکانیشت هەڵدەلووشی، دەمپرسی ئاخر بۆ؟ دەتوت: من دەزانم کە تروکان و گەورە بوون..چیان لێدێت؟"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٥)کاتێک مێینە دەسەڵات بەدەست دەبێت زۆر بە شێوەیەکی ناوازە حوکم دەکات و هەوڵ دەدات توخمی نێرینە لەناوببات، هەر لەگەڵ یەکەم دروست بوونییەوە حیساب بۆ توخمە نێرینەکان دەکات بۆ دوا ڕۆژ."لەوخەوەدا زۆرم برسی بوو، حەزم دەکرد شتێك بخۆم، هەر شتێك..هەر هیچ نەبێ ئێسك و پروسکی قوربانییەکانت بخۆم، نەتهێشت..دەتوت: "من دەزانم گۆشتی ئەوانت لەلا شیرینە و حەز دەکەی بیانخۆی..!"من دەمپرسی:"ئەی چی بخۆم؟"تۆ زۆر بێشەرمانە قاچێکت هەڵبڕی وناوگەڵی خۆت پیشان دەدام و دەتوت- "ئا ئەوە بخۆ..!"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٦). لەخەودا برسی بوون بە هەرشتێک لەواقیعدا واتا لەخەوندا بە کەمێک گۆڕانکارییەوە دەبێت، وەکو سادیزمێک مێیەکە بە برسی کردنی نێرەکە ئازاری دەدات، جگە لەوەی خواردنی پێنادات شەرێکی دەروونی سەختی لەگەڵدا دەکات."پاکیز بە پیاوەکەی گووت:"تۆ دڕندەترین جاڵجاڵۆکەی... لەسەرخۆ و بەفێزی شاژێکی هەوەسبازەوە لەمن نزیك بوویتەوە..چاوانت پڕ بوون لە قەهر و شەهوەت..وتت:"هەوەست هەیە؟ لەوە دەچێ حەز بە ڕاموسانێك بکەی؟ "...ئەو بۆنەت بڵاوکردەوە کە شێتی شەهوەتێکی دەکردم..."خۆت ئامادە بکە..ئەمشەو کۆتایی نایە..!"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٩) بۆ ڕاموسان مێینە دەیان ڕێگا بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە شەهوەت ولەزەتی سێکسی و هەوەس درێژە بکێشێت، هەروەها نێرینە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی مێینە دەیان ڕێگای خۆکردەیی و ناخۆکردەیی و خۆدەرخستن و بڵاوکردنەوەی بۆن و.. هتد بەکاردەهێنن. "لەوە نەدەچوو خوێنێکی گەشتر لەوەی کە مژی بووت لە لەشمدا مابێ..بە سکاڵای ژێکەوە کە لەسەر ئاو وئاگر بێ دەتوت: بۆ زەوقت نییە؟ کەی تۆ ئەوەندە سارد بووی؟ دە هەستەوە..دەزانم عەزرەتی و تامەزرۆ بوون سڕی کردوویت، هەر ئێستا وادەکەم خوێنت گەرم دابێ و قوڵپ بدات..کەف بچڕێ..جار جارە دەمت دەکردەوە و هەموو سەرو کەللەی منت دەخستە ناودەمی خۆت"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٦٠-٣٦١).

خوێنی جەستەی نێرینەکەی دەمژێت و لەگەڵ کەمبوونەوەی خوێن مرۆڤ سەرمای دەبێت، کەچی بۆ گەیشتن بە ترۆپکی هەوەس بە تایبەتی لای پاکیز دەیان تانە وتەشەر لەپیاوەکەی دەدات."دە عەیبە داوەشێی..چۆن وا دەڵێی؟ من ئەو هەموو عەریەم کۆشت تاتۆ هی خۆم بیت..دە تۆ هەستەوە و سەیرکە..بزانە خۆشەویستی من چ قەسابخانەیەکی جوانی دروست کردووە.." ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٦١).

لەزیندەخەونێکدا مێینەکە جگە لەئازاردانی نێرینەکە، لەدوای کوشتنی مێینە و نێرینەی جاڵجاڵۆکەکانی دیکە ودامرکاندنەوەی حەزە شەهوانییەکان و سادییەکان پیاوەکەی قەرزدارباری دەکات و شەرمەزاری دەکات. "چەندین تەونی ورد چنراو لەناویەکدا کەمەحاڵ بوو من کەلێنێك بۆ دەرباز بوونم بدۆزمەوە، زیندانێکی خاوێن کەتۆ ناوت نابوو"خانۆچکەی خەونەکان"یان "بەهەشتی چکۆلەمان"وەلێ من ناوم نا بوو"قوتووی تەقەت"یان گۆڕستانی ڕاز ونهێنییەکان، هەر دەتوت قەڵایەکە و هەر دەروازەیەکی سەد قفل و کلیلی شاراوەی هەیە" (حەسەن،٢٠٠٥ : ٣٦٢).

ئەوشوێنەی کە پاکیز بۆ پیاوەکەی دروستی کردبوو زیاتر بۆ ئەوە بوو توندوتۆڵ زیندانی بکات نەوەک جاڵجاڵۆکە مێینەکان توخنی بکەون چونکە غیرەیانی لێدەکرد، چەندین ناوی خۆش وناخۆشیان لەشوێنەکە نابوو، زۆرجار نێرەو مێیەی مرۆڤ و بوونەوەرەکان غیرە لەیەکتر دەکەن."هەندێك شەو کە حەزم لە پیاسە بووایە پێت دەوتم: شەوە و عاقڵ بە، با نەجوڵێین ئەگینا زیندەوەرێکی دیکە دەمانخوات و تێدا دەچین، خۆ تۆ بخوات و من بمێنم..بە وەڵڵاهی بەسك دەدەم و دەمرم، لەو شەوانەدا مۆرانەی نێرت بۆ ڕاودەکردم ..لە ژوورەوەی ماڵەکەمان دەزوویەکت دەچنی...دیسانەوە فێڵەکەت بەوە تەواودەکرد کە مۆرانەیەکی مێیەت ڕاودەکردو لەوسەری دەزووەکە دەتکرد بە چەشە تاوەکو نێرەکان بێن بۆنی بکەن، خۆت دەتزانی چی دەکەیت"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٦٧).

هەر لەو زیندە خەونە ئەرێنییەدا سادیزمی مێینە غیرە دەکات و ڕێگا نادات بەدەرچوونی نێرینەکەی بۆ دەرەوە، هەروەها "لەناو تۆڕی جاڵجاڵۆکە نێرەکەدا مۆرانەیەکی بە حیساب نێری ڕاودەکرد و بەدەزوویەک هەڵی دەواسی بۆ ئەوەی بیخوات، بۆ خۆی مۆرانەیەکی مێیەی ڕاودەکرد بۆ ئەوەی جاڵجاڵۆکە نێرەکان دەورەی لێبدەن کەخۆی دەزانێت مەبەستی چییە؟ "تۆ خەیاڵت بخەگەڕو واز لەوە بێنە کە هەردووکمان جاڵجاڵۆکەین..دەکرێ هەر بە خەیاڵ خۆت بە زاوا بزانی ومنیش بە بووك..!من دەموت:"نەء..نەء..وا نییە..من لە زیندانی دەچم و تۆش پاسەوان، من قوربانی و ئەتۆش جەللاد..من نێچیر وتۆش ڕاوکەر.."(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٧١).

لەوزیندە خەونەدا پاکیز وێڕای ئەوەی کە پیاوەکەی لەقەفەسی هەودا بەند کردبوو، بەڵام هەر خۆی بە بوک و پیاوەکەی بە زاوا دەزانی کەچی پیاوەکەی خۆی بەقوربانی و ژنەکەی بە جەللاد دەزانی سادیزم و ماسۆشیزم."لەو دۆڵانەوە تا ناو هەناوتم دەدی، دەرەوە ساردو ئەوێش گەرم، جاروبار دەبوویتەوە بەخۆت، جاروباریش نیوەژن و نیوەشت جاڵجاڵۆکە، لە ناکاو ون دەبوویت وبەرگێکی دیکەت دەپۆشی"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٧٣).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp126-135

لەم زیندە خەونە ئەرێنی و نەرێنییە، جۆرە بوونەوەرێک بوو نیوە ژن ونیوە جاڵجاڵۆکە لەجۆری کەسێتی نیمچە سەروسروشتی نیوەی مرۆڤە و نیوەی جاڵجاڵۆکەیە، لەکاتێکدا رووی لەدەرەوە بووایە سەرمای دەبوو، ئەگەر لەهەناوی بووایە گەرمای دەبوو."شانازیت دەکرد کە تۆ چەندە ئازاو بێ شەرم و خۆڕاگریت، منیش چەندە ترسنۆك و شەرمن و لێوە لەرزە دەتوت تۆڵەی هەموو مێینەکانی دونیا لە من دەکەیتەوە، وەك ئەوەی من نوێنەری هەر هەموو نێرینەکانی سەر زەمین بم" ( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٧٦) هەر لەخەودا پاکیز بە نوێنەرایەتی گشت مێینەکان تۆڵە لەپیاوەکەی دەکاتەوە لەبری گشت نێرینەکان، ئەوەی لەخەوندا دەیبینێت دواتر لەبەئاگایی و لەکاتی جوت بووندا پەیڕەوی دەکات و باڵا دەستی خۆی دەنوێنێت، ئەو ئاکارەی نێرە یان مێیە هەیەتی بەشێوەیەکی خۆنەکردە لەکاتی زیندەخەوندا بەبێ ویستی خۆی دەری دەبڕێت. "تەونی هەزارەها هەودای ڕەنگاو ڕەنگەوە تا دەهات گەمارۆی دەدام، زانیم تازە مەحاڵە، کەوتمە نێوان زستانی خۆم وهاوینی تۆ، نە عیشقت لەتەك مندا دەکردو نەجەنگت بەرپا دەکرد"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٧٧).

ئازاردانێکی هێواش و جەرگبڕ بێ ئەوەی ڕاگەیاندرابێت لەپێناوی بەدەست هێنانی لەزەت."تۆ منت هەڵدەلووشی و گرێ بە گرێ قوتت دەدام و من بێ باك بووم لەوەی لەباوەشتا دەمرم، وەی لەو تونێلە درێژ و تاریکەی ناولەشی تۆ کە نازانم چەند رۆژ و شەوی ویست تا پیایدا تێپەڕیم، تاریکییەکی چڕومیهرەبان لە کۆتایی ئەو دۆڵانەی تۆدا بانگی دەکردم، بە چەند قەپ و پاش چەند ماچ و موچڕکەو تەکان کەوتمە ناو هەناوت"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨١).

دیارە کۆئەندامی زاوزێی مێینە بۆ شیردەرەکان بۆ مانەوەی کۆرپەڵەیە، هەر ئەو کۆئەندامە لەبوونەوەرێک بۆ بونەوەرێکی دیکە لەڕووی گەورەو بچوکی و درێژیی و کورتی جیاوازە، تونێلی درێژ و تاریک، مەبەست لەکەناڵی فالوتی کۆئەندامی زاوزێی مێینەیە، لەدوای جوت بوونی تۆی پیاو و هێلکەی ژن، سپێرمە هەرە چالاکەکەیان لەهێلکەداندا دەگیرسێتەوە و پرۆسەی پیتێن ڕوودەدات، لەڕووی زانستییەوە سپێرمی نێرە بەچەندین جوڵەی سەیر لەناو منداڵدانی مێیە مەلە دەکات تاوەکو دەگاتە هێلکەیەک، دیواری هێلکەکە دەبڕێت وئینجا پیتاندن ڕوودەدات. "من هێشتا لە هەناوتا بووم کەلە درزە زۆرەکانی هەردوولای سکتەوە شتی سەیرم دەدی..بە چاوانی غەریبیش بێ دەمدی: ئەوهێلکانەی لە تۆوی من و تۆ دەڕسکان..یەکە یەکە دەتروکان، بێچووە جاڵجاڵۆکەی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتنە دەرێ"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨٢)

زیندە خەونی ئەرێنییە نزیکە لەڕاستیی بەشێک لەهەستەکانی لەکاردان، لەکاتی هەڵلوشینی لەنێوان حەوزی منداڵدان و هێلکەداندا لەبەرچاوی نێرینە قوت دراوەکە، تۆ و هێلکەکان دەتروکان وجاڵجاڵۆکەی بچووک پەرشوبڵاودەبوونەوە. "سەیرە ساتی مردنم لەناو تۆدا جارێکی دیکە وەك مرۆڤ خۆم بینییەوە...من گلەیی ئەوەم لێ دەکردی کەتۆ بۆچی منت خوارد، تۆش بە میهرەوە هەوڵت دەدا لەوخەونە و خەیاڵ و وڕێنانە پاشگەزم بکەیتەوە، دەتوت: ئەوە نییە وایت لەتەکما، زرپ و زیندووی... دەمویست وات لێ بکەم هەست بەگوناە بکەی کەلە خەونێکی واچەپەڵدا دڵت هات من بکوژیت، هەر بەناوی عەشقەوە لەناوم بەریت"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨٥)

پاکیز بۆ پیاوەکەی دەسەلمێنێت ئەوەی دەیبینێت زیندە خەونی ئەرێنییە! ئەدی ئەوە نییە لەتەکییەتی؟ پرسیار لەپاکیز دەکات کەبۆچی خواردوویەتی کەچی لەوەڵامدا هەروەکو ئەوەی هەر خەونی نەدیبێت وایە. "کەچی منی مڕومۆچ گلەییم دەکرد کە نەدەکرا فێلم لێ بکەیت و لە ترۆپکی لەزەت و خۆشی و دەست لەملانێدا من فریو بدەیت وب هێسك پروسکەوە قووتم بدەی"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨٥) هەر وەکو لەخەونی جاڵجاڵۆکەکاندا هاتووە لەکاتی لوتکەی شەهوەت و لەزەتدا مێینەکە نێرینەکە قوت دەدات و ناهێڵێت خۆشی لەحەزەکانی ببینێت."هێشتا لەسەر جێگاکە ڕاکشابووم و وەئاگابووم، لەخەونەکە راچەنیبووم، کەچی لەژێر پەتۆکەوە، هەربەدەم قسەوە، دەستم لەقاچەکانم دەدا، درێژ و باریك و تووکن، هەر دەتوت قاچەکانی جاڵجاڵۆکەن، هێشتا لە نێوان خەون بێداریدا بووم کەبە هەردوو چاوی خۆم، ڕێڕێ دەمارە زۆر باریك وڕەشەکانی سەر هەردوو دەست وقاچەکانی خۆمدەبینی"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨٦).

لەم زیندە خەونە ئەرێنییەدا لەدوای بە ئاگا هاتنەوەی هێشتا هەر لەزیندە خەونە دەست بۆ قاچەکانی دەبات بزانێت جاڵجاڵۆکەیە یان مرۆڤە؟ یەکێک لەخەسڵەتەکانی زیندەخەون زۆرجار خەو بین خۆی تاقیدەکاتەوە بزانی بەئاگایە یان خەونە؟ "دەمویست بۆ یەکجار و دواجار ئەو من دڵنیا بکات کەئەوەی بەیەکەوە دەیبینین خەون نییە..لەناکاو وەك شێت هەستایەوە سەرپێ و خۆی لە جاڵجاڵۆکە داباریوەکانی سەربان دەپاراست...سەمای ناو خەونەکەی بیر هێنامەوە، یان هەردووکمان هێشتا دەنێو ئەو خەونەدا بووین، یان لاسایی خەونەکەی دەکردەوە، یان لە ترسی خەونەکە حەجمانی لەبەر بڕاوەو ئەمجارەیان هەر بەڕاستی بارینی ئەو هەموو جاڵجاڵۆکەیە شێتیان کردووە"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٩٤).

لەم زیندە خەونە ئەرێنییەدا پاکیز پیاوەکەی دڵنیا دەکاتەوە کەئەوەی دەیبینن خەون نییە. "لەوە دەچوو بمرم، خۆزگەم دەخواست کەئەم کارەساتەی دواییان مۆتەکە بێ ولێی ڕاست بمەوە، خەونێکی جڕناو فڕنا بێ نەك شەوێکی شوومی راستەقینە کەمنی تیا گیرۆدە دەبووم...دەستم بەر دیوارە لینجەکان دەکەوت کە گریان لێ دەبۆوە...هەزارجار خۆم بەخۆم دەوت کەئەوە خەونەو هەردەبێ من لێیی وەئاگابێم..کەچی بێ هودەبوو..من دەخنکام.. دەتوامەوە.. دەمردم.. کەچی هەر وەئاگا نەدەهاتم" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٩٩). زیندە خەونە لەکاتی ئەوەی لەناو هەناوی جاڵجاڵۆکە مێیەکەدایە لەجۆری زیندە خەونی درۆیە. "ئەگەر مردن و ئەگەر نووستن، گەر وڕێنەی نەخۆشی بێ یان هی سەرەمەرگ، گەر ئەم دەنگە دادی رۆحی هیلاك و پەژموردەیی خۆم بێ یان دوا دوای کەسێکی تر کە من وام دەنێو هەناویدا..یان ڕاشکاو لەتەکیدا..ئەودەنگەیە بەکوڵێ میهرەوە...هێدی هێدی هێور بمەوە واز لەخۆم بێنم..چیتر نەمەوێ خۆ لەو گێژاوە..لەومەرگە ساتە قوتار بکەم..ناچار بووم کە بمرم..کە بنووم..کە بمرم..کە بنووم.."(حەسەن،٢٠٠٥: ٤٠٠-٤٠١ )

زۆربەی جۆرەکانی خەون لەکورتە ڕۆمانی "خەونی جاڵجاڵۆکەکان"ی چیرۆکنووس "شێرزاد حەسەن" بەدی دەکرێت ، تیایاندا "زیندەخەون" بەشی شێری بەردەکەوێت لەنێوان خەونەکاندا.

### ٣. ٢ جۆرەکانی دیکەی خەون لە کورتە ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)دا:

جۆرەکانی خەون لەبەشی یەکەمدا دەست نیشان کران، لەبەشی دووەم تەوەری یەکەمدا باس لەهەردوو جۆرەکەی زیندە خەون لەکورتە ڕۆمانەکەدا کرا، کە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەیە، لەم تەوەرەیەدا بە کورتی باس لەجۆرەکانیی دیکە لەکورتە ڕۆمانەکەدا دەکرێت.

"لەدوای خوێندنەوەی هیگل و کانت و دێکارت.. لە دوای خوێندنەوەی هەر هەموو ڕۆمانەکانی دستۆیڤیسکی و کافکا و مارکیز..لەپاش خوێندنەوەی چی و چی.. کۆتایی خوێندنەوەکانی بەوەبێنێ: بزانێ کرمی ئاوریشمین و مێش و کەمتیار و مشک و سیسارکە کەچەڵ و سیخوڕ و مەیموون چۆن چۆنی جووت دەبن و زاوزێ دەکەن."(حەسەن، ٢٠٠٥ :٣٣٢-٣٣٣) دواتر دەست دەکات بە خوێندنەوەی کتێب وخوێندنەوەی ڕۆمانەکان لە دیدی پاکیزەوە پیاوەکەی متمانەی لەدەست داوەو باوەڕی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp126-135

پێناکات، شەوان بەر لەباوەش بەیەکداگرتن باسی پەیوەندی سێکسی نێوان زیندەوەرو پەلەوەر و گیانەوەرانی بۆ دەکرد، پاکیزە زۆر بەم هەڵس و کەوتانە توڕە دەبوو، لەخەو ڕادەچەنی و خەوی دەزڕا و ناچار دەبوو گوێی بۆ ڕادێرێت، دیسانەوە بە هۆی قسە بێسەروبەرەکانی پاکیزەی خێزانی توڕە دەبوو جارێکی دیکە وەعدی لێ وەردەگرت کە ئەمجۆرە قسانە نەکات، بەڵام گرگڕ دیسانەوە دەهاتەوە سەر هەمان باس، تاوای لێهاتبوو بە دزی پاکیزەوە کتێبە حەرامەکانی دەخوێندەوە، لەدوای خەتم کردنی قورئان دەست دەکات بەخوێندنەوەی ئەوکتێبانەی کەبڕوایان بەبەهەشت ودۆزەخ نییە؟ ئەمە دەرگایەکی فراوانی لەپێشدا دەکاتەوە، کتێبی دەیان کۆمەڵناس و دەروونزان و فەیلەسوف بخوێنێتەوە و توشی جۆرێك لە سەر لێشێواوی بێت بەهۆی بیروباوەڕی جیاوازی بیرمەندەکانەوە، بیرمەندەکان هەریەك لە بوارێك و گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە سەیری هەر بابەتێك دەکەن، چ جای ئەوەی کەسێکی سادە و ساکار لە نێوان ئەو هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازانەدا نقوم بێت و لەودونیا جەنجاڵەدا سەرەدەر بکات ؟ " ڕۆژێکیان نەنکی پێی دەڵێت: "تەواو ڕۆڵەکەم دەنگت گڕبووە و شەیتانی بوویت.. تەواو لەو ڕۆوە بە هەزارەها فەرسەخ لەخواوە دوور دەکەویتەوە و لەشەیتان نزیکتر دەبیتەوە. هەموو هەواو هەوەس و خەیاڵ و ختوورەیەکی خەراپ لەدڵتدا گوناهێکە کەبەسەد ساڵ سووتان لەناوئاگردا پاک نابیتەوە، تەنها نەزەرێکی حەرامت بۆ کچە دراوسێیەک گۆڕەکەت پڕ دەکات لەمارو دووپشک..دەتنێرمە لای مەلا یونس وبا قورئانەکەت پێ تەواوبکات، نوێژەکانت مەفەوتێنە وڕەمەزان بە ڕۆژوو بە"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٦-٣٢٧).

لەدوای ئەوەی خەونی شەیتانی بوون دەبینێت، بەڵام دیارە قسە، بەناو ئامۆژگارییەکانی نەنکی تووشی زۆر دەردەسەری ونەخۆشی دەروونی دەکات، لەڕاستیدا نەنکی ئەگەر چی کە بەتەمەنە، بەڵام بە ئامۆژگارییە چەوتەکانی دنیای لێدەکاتە دۆزەخ. هەموو هەڵس و کەوتوو ئامۆژگارییە ترسناکەکانی نەنکی وایلێکردبوو گوناهی یەکەم وشتە حەرامەکان بەهەند وەربگرێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەژیانی ڕۆژانەیدا. "ئەشکەوتە تاریکەکانی ناو ڕۆحی مرۆڤم بۆ ڕووناك بکاتەوە، وەڵامێکم بداتەوە..کە من بۆ خۆم هەرگیز بەتەنها وەڵامێك دڵم ئاوی نەدەخواردەوە، ئەو خولیایە لەگەڵما گەورە بوو..دوای حەزێکی زۆر شەرمنانەو زەماوەندیش ..ئەوحەزو خولیایەم گەورەو کوشندەتر بوو..تا دواجار لەناو خەونێکی خۆمدا ون بووم کەمن بەدوا خەون و شاخەونی خۆمی دەزانم..ڕاسترە بڵێم خەون نەبوو..ئەو خودی گەمەی نێوان ژیان و مەرگ بوو"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٩) خەونی لە جۆری کابووسە، ئەو ترسەی کە نەنکی و ژینگەی خانەوادەکەی گەورەیانکرد هاوشان بوو لەگەڵ گەورە بوونی ترس و حەرامەکان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا."من تەنها بۆ ئەوە ئەو خەونە دەگێڕمەوە، چونکە ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت...تا ئێستاکەش من لەژێر جەبری ئەو خولیایە دەژیم کەنەفرەتی دونیاو قیامەتی بۆ هێنام، من گەرەکمە لەم خەونە رەشە دەرچم چونکە خۆزگەمە خەونی دیکە ببینم...بۆ یەکەمجار کەلە خەونەکە راپەڕیم لەدوای هاوارێکی ناقۆڵا و بێنەو بەردەیەکی زۆر خەونەکەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە"( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٩-٣٣٠).

بەشێکی خەونەکانی لەجۆری دووبارە بووەوە بوو، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی داب و نەریت و ترس، شتە بڤە و حەرامەکان لەگەڵیدا هەڵدەکشان و گەورەتر دەبوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا خەمەکانی زۆرترو گەورەتر دەبوون، زۆرجار کتێب و خەونەکانی لەپاکیزەی هاوسەری دەشاردەوە چونکە پاکیز هەستی بە هەڵس و کەوتە سەیرەکانی دەکرد، هەوڵی دەدا ڕێگای لێبگرێت و زۆر جار دەبووە دەمەقاڵێیان. "زۆر جاران خەونەکانم دەبوونە چاوساغم و تەواو دڵنیا دەبووم کەڕۆژی دواتر چ سەودایەک لەتەک دۆست و دوژمنەکانمدا بکەم ... بەکام ڕێگادا سەفەری دوورو نزیکم بکەم ، کێ بدوێنم و کێ فەرامۆش بکەم "(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢) لەجۆری خەونی بزاوتنە، هەندێک جار خەونەکانی دەبن بە ڕێنیشاندەرێك بۆ ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی، کاتێك خەونێك دەبینێت هەوڵدەدات بەپێی خەونە بینراوەکە هەڵس و کەوت بکات، بۆ ئەوەی بگات بەو ئامانجەی کەلە خەونەکەدا بینیویەتی .

لە خەونەکانیدا بەردەوام شۆخێکی لەگەڵدا بوو بۆ هەزاران شەو هەروەکو خۆی وەعدی پێداوە، ئەمەش جۆرێکە لەجۆرەکانی خەون کە پێی دەوترێت "خەونی دووبارە بووەوە"لە خەونەکانیدا هاوینی بارانە و زستانی خۆرستان و دژ بەیەکن، لەگەل دار و درەختدا قسە دەکات ئەوان حەکایەتی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە هەر یەکە بە زمانی خۆی، نوسەر لە لاپەڕە (٣٢٤)دا دەڵێت:"خەونەکانم هەرگیز لەیەك ناچن"کەچی لە لاپەڕە(٣٢٥)دا دەڵێت:" ئەوخەونەی کە بۆ سەدەها شەوی دواتر لە ژیانما، دووبارە وسەدبارە بۆتەوە".

کاریگەری خەونە ناخۆشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حیکایەتانەی کەنەنکی لەسەردەمی منداڵیدا کەگوایە بۆ کات بەسەر بردن یان ئامۆژگاری بۆی دەگێڕایەوە "لەبری گوناحەکانی فریشتەکانی دۆزەخ تێی دەسرەوێنن هەزاران جار هەلاهەلای دەکەن و نامرێت، ملیۆنەها مێرووڵەی ئاگر کۆی دەکەنەوە و جارێکی تر دەبێتەوە بە خۆی، نەنکی ترس و تۆقانێکی زۆر مەترسیداری لەدڵ و دەروونیدا دەچاند ، کەلە حەکایەتەکانیدا باس لە ئاگر و گەرمای دۆزەخ و جەهەننەمی پارچە پارچە دەبێت و دواتر مێرووڵەکان کۆیدەکەنەوە دەبێتەوە بە خۆی وەکو قەقنەس لهدوای سوتانی لە خۆڵەمێشی خۆی دروست دەبێتەوە"(حەسەن ، ٢٠٠٥: ٣٢٥ ) کابوسە، خەونی بێزارکەر مرۆڤ توشی ڕاڕایی و ترس دەکات. "هەرگیز حەزم نەکردووە خەونەکانی خۆم شی بکەمەوە، چونکە بڕوام وایە نەلای (فرۆید) و نەلای (یۆنگ) و نەلای (ئیبن سیرین) مانایەک بۆ ئەوخەونە عەنتیکەو هیچانەی من نییە، زۆر زەحمەت بوو باس لەو هەمووخەونە سەیرو جوان و ترسناکانەی خۆم بۆ کەسانی دەورووبەرم بکەم، خەونی واهەبوو ئەوەندە شەرمەندەی دەکردم کەئارەقە بەبەرد بکات، ئیتر شەوانی من پڕ بوو لەسیحرو جوانی و ترس و شەرم"(حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢) بەشێك لە خەونەکانی وەسف دەکات و شیدەکاتەوە کەرستەو بابەتەکانی لەسەر زەویدا یان لەئەرزی واقیعدا دەست ناکەوێت یان بوونی نییە، هەندێك لە خەونەکانی بە زانا دەروونزانە بە تواناکانی جیهانی شیناکرێنەوە. نوسەر بەشێك لە خەونەکانی بە شەرمەندە ئەژمار دەکات، زۆر جار مرۆڤ خەونی نەشیاوبە کەسە نزیکەکانی دەبینێت.

نوسەر لەوکورتە ڕۆمانەدا بەناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەڵێت:"هەر لە منداڵیمەوە لە جاڵجاڵۆکە و مارمیلکە ترساوم، ئاخر بەسەدەها مارمیلکەم بینیوە بەسەر دیوارەکاندا هەڵگەڕاوە، جار هەبووە ، تەپ ، کەوتۆتە ناوقاپی نسکێنە و شلە ساوار، بەسەدها جاڵجاڵۆکەشم بینیوە کەبە بمێچەکانەوە خۆیان هەڵواسیوە، لە ماڵی خۆمان و ماڵی کەس وکارو دراوسێ، هەژاری واتا ژیان لەگەڵ مارو مێروو..زیاتر لە هەموو شتێك جاڵجاڵۆکەکان زەندەقیان دەبردم" (حەسەن، ٢٠٠٥، ٣٢٥).

بەردەوام لەوڕێنەی مارمیلکەو جاڵجاڵۆکەدا بوو لەخەودا لەسەر نانخواردندا بیرو هۆشی لای ئەو زیندەوەرانە بوو و زۆر لێیان دەترسا، ببوونە مۆتەکەیەک لەسەر ڕۆحیدا، حەزی بە نهێنی جووت بوون وحەزی مێینە بە تایبەتی لەجاڵجاڵۆکەدا ڕەفتاری غەریزەی سێکسی و چەپاندنی لای بوونەوەرەکاندا هەوەسی زۆر لای پاکیز دروست دەکات. "وەلێ ئەوەیان درێژەی نەخایاند، لەو شەوەوەی کەخۆم لەو خەونە ناخۆشە راپەڕیم و زەندەقی ئەوم برد، لەدوای ئەو مۆتەکەیە ژینی من خۆی بۆتە خەونێکی ناخۆش لێی

وەئاگا نایەم..خەوزڕانێکی ئەبەدی"( حەسەن ،٢٠٠٥: ٣٣٣) خەونی بێزارکەرە یان کابووسە، لە دوای ئەوەی پەیمان بە "پاکیز"ی هاوژینی دەدات کە چیتر لەوجۆرە کتێبانە نەخوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت پەیمانەکە بباتە سەر بەدزییەوە کتێبەکان دەخوێنێتەوەو لەزەت لە خوێندنەوە نهێنی جووت بوونی بوونەوەرەکان دەبینێت تا دەگاتە ئەوحاڵەتەی کەخەون دەبینێت کە هەردووکیان بوون بە جاڵجاڵۆکە. "هاوارت دەکرد: ئاخر ئەو دەڵە قۆڕانەی دەرودراوسێ فریای زاوزێ ناکەون، ئەوەی زۆریان ناوەتەوە، گەر نێرومێیان نەخۆم ماڵەکەمان داگیر دەکەن و من و تۆش دەخۆن، تۆ نایاننانسی، دەبا من و تۆش خەریك بین، تێناگەم بۆچی تۆ بەدەر لە هەموویان ئەوەندە نەزۆکی و بێتام سستی، ئاخر من بەتەنیا ئەم ماڵەم پێ ناپارێزرێت"( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٩٠ ).

خەونی بزاوتنە، لەخەودا ئیرەیی بە دراوسێکان دەبات کەزۆر زاوزێ دەکەن، گلەیی لەپیاوەکەی دەکات کەچەندە ساردە لەکاری سێکسیدا. "شوێنەکەم دەبووبە بیرێکی قووڵ وپڕ ئاوکە لەوەدا بوو منی مەلە نەزان تیایدا بخنکێم...تۆ لەسەرە و سەرت شۆڕ دەکردەوەو قاقا پێدەکەنیت، من لەخوارەوە دەگریام و هاوارم دەکرد: دەرم بێنە...لە تاوو ترسی خۆم لەوخەوە وەئاگا دەهاتم و دەکەوتمە ناوخەونێکی دیکە، خۆم دەبینییەوە وام لە ژوورێکی بمێچ بڵندو چکۆلەدا تەنرابوون لەبەر زۆری جاڵجاڵۆکە نەمدەزانی پێیەکانم لە کوێ دابنێم "( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٩١) هورم یان خەونی ناوخەونە، لەکابوسەوە بۆ خەونێکی دیکە دەچێت کە ئەویش هەر خەونی کابوسە بە هۆی زۆری جاڵجاڵۆکە شوێن پێی نەماوە لەسەری بوەستێت.

## ئەنجام:

١-نوسەر زانستی توێکاری جەستەی مرۆڤ، بەتایبەتی کۆئەندامی زاوزێی جەستەی مێینەی زانستیانە لە رووداوەکاندا دەرخستوە.

٢- ناونیشان وچەمکی کورتە ڕۆمانەکە وبەشێکی زۆری خەونەکان لەجۆری زیندە خەونە، خەون بین وادەزانێ ئەوەی دەیبینێت خەون نییە بەڵکو ڕاستە .

٣- خەون بین لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی ماسۆشیزمە وکەسی بەرامبەری سادیزمە.

٤- لەڕووی تیۆرییەوە هەشت جۆر خەون هەیە، لە کورتە ڕۆمانەکەدا شەش جۆریان بەدی دەکرێت.

٥- هورم یان خەونی ناوخەون وخەونی شەیتانی بوون لەکورتە ڕۆمانەکەدا جۆری دیکەی خەونن.

٦- نووسەر هۆکاری خراپی لایەنی دەروونی، دەگەڕێنێتەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی خانەوادەکەی کە لەسەرەتای منداڵییەوە پێی گۆش کراوە بە تایبەتی لەلایەن داپیرەیەوە.

٧- خەون کۆمەڵە خەیاڵێکە مرۆڤ لەخەودا بە شێوەی خەون دەیبینێت ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع نایێتە دی لەخەوندا بە هەندێک گۆڕانکارییەوە دێتە دی. لەکاتی زێدە ڕۆیی کردن لە بەزاندنی سنور وداب ونەریتەکان دەبێتە هۆی سەرئێشە بۆ خەون بین، زیندە خەون لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری هەیە، دەکرێ مرۆڤ بە لایەنی خۆشییەوە چێژی لێببینێت.

## سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز.

بێ کەس، شێرکۆ (١٩٩٨) خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ (١٩٩٨) ناوەندی ئاپێک- سوید- ستۆکهۆلم، چاپی یەکەم.

حسین، قاسم، و.عبدالمطلب عبدالله ( ٢٠٠٢) مرۆڤ لەڕوانگەی فرۆیدەوە.

حەسەن، شێرزاد، خەونی جاڵجاڵۆکەکان ( ٢٠٠٥) هەولێر .

محەمەد، ئەنوەر قادر ( ٢٠١٥-٢٠١٦) بەرنامەی پەرتوکی کۆرسی تیۆری ئەدەب، ز. سلێمانی.

مەنتك، حەمە (٢٠١١) سوریالیزم لەئەدەبی نوێی کوردیدا، هەولێر، چ ئاراس .

و.عەبدوڵا، ستران ( ٢٠٠٢) عەلی وەردی، کاریگەری نەست یاخود نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتو، سلێمانی.

ئیبن سیرین، نابلسی، دمیری،خەونامەی کوردی،کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی، سەید ئیبراهیم، وەرگێڕانی لەزمانی عەرەبییەوە، رزگار کەریم (٢٠١٦) ناوەندی رۆشنبیری وبڵاوکردنەوە لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٤٠)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پێدراوە.

ت. حمود، محمد (٢٠١٢) پۆل ارزون - دينس سان - جاك – الان ڤيالا، معجم المصطلحات الأدبية، بيروت- لبنان.

حليفي، شعيب (٢٠٠٩) شعرية الرواية الفانتاستيكية، الجزائر.

عبد الحميد، شاكر (٢٠٠٩) الخيال من الكهف الى الواقع الافتراضي، الكويت.

الوردي، الدكتور علي (٢٠٢١) الاحلام بين العلم والعقيدة، مركز القراءة الموسوعات، الدار البيضاء، بيروت.

أنواع_الأحلام، احمد عزة محمد ٢٠١٦/٧/٧. https://mawdoo3.com/
https://mawdoo3.com/ أنواع_الأحلام

أنواع الأحلام كتابة احمد عزت محمد - آخر تحديث: ٠٦:٢٧ ، ٧ يناير ٢٠١٦ ذات صلة أحلام اليقظة في علم النفس أسباب الأحلام المزعجة تفسير الأحلام ما هي الأحلام أنواع الأحلام ٢.١ أحلام اليقظة ٢.٢ أحلام الصحوة الكاذبة ٢.٣ الكوابيس ٢.٤ الأحلام المتكررة ٢.٥ أحلام ملحمية ٢.٦ الأحلام التقدميّة ٢.٧ أنواع أخرى الحلم أو الرؤية هو عبارة عن مجموعة التخيلات التي تحدث للإنسان أثناء نومه.

https://www.zaniary.com/blog/60807532d1d9f/تەفسیری-سورەتی-العنکبوت هەژار موکریانی ٢٠٢١/٤/٢١

M3loma.com- الشبكة العالمية – معلومة، علم تفسير الاحلام

- ناوەندی ڤەژین. lex.vejin.net ٢٠٢٠ -٢٠٢٤ شاری مەریوان.

https://www.utoledo.edu/library/help/guides/docs/apastyle.pdf